السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# لەوەیە کەسێکی (قژ) شێواو و (جل) تەپ وتۆزاوی کە لە پێش دەرگاکاندا دوور دەخرێتەوە، ئەگەر سوێند بخوات لەسەر ئەوەی خوای گەورە شتێکی بۆ جێبەجێ بکات؛ ئەوا بۆی جێبەجێ دەکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لەوەیە کەسێکی (قژ) شێواو و (جل) تەپ وتۆزاوی کە لە پێش دەرگاکاندا دوور دەخرێتەوە (پاڵی پێوە دەنرێت)، ئەگەر سوێند بخوات لەسەر ئەوەی خوای گەورە شتێکی بۆ جێبەجێ بکات؛ ئەوا بۆی جێبەجێ دەکات».
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

لەوەیە کەسێکی -قژ- شێواو و -جل- تەپ وتۆزاوی کە لە پێش دەرگاکاندا دوور دەخرێتەوە -پاڵی پێوە دەنرێت-، ئەگەر سوێند بخوات لەسەر ئەوەی خوای گەورە شتێکی بۆ جێبەجێ بکات؛ ئەوا بۆی جێبەجێ دەکات): واتا کەسێکە زۆر گرنگی بە قژی وجلی وشێوازی جلی وبەرگی نادات، وجلەکەی کۆن وتەپ وتۆزاویە بەهۆی هەژاریەوە. (لە پێش دەرگاکاندا دوور دەخرێتەوە -پاڵی پێوە دەنرێت-): واتا ڕێزێکی ئەوتۆی لەلای خەڵکی نییە، ئەگەر بێت وڕوخسەت لە خەڵکی وەربگرێت بۆئەوەی بچێت بۆ نێوماڵەکانیان ئەوا ڕوخسەتی پێنادەن بەڵکو لە دەرگاکانیان دووری دەخەنەوە، چونکە هیچ نرخێکی نییە لە لایان بەڵام نرخی هەیە لە لای خوای گەورە پەروەردگاری هەموو بوونەوەرەکان، ( ئەگەر سوێند بخوات لەسەر ئەوەی خوای گەورە شتێکی بۆ جێبەجێ بکات؛ ئەوا بۆی جێبەجێ دەکات): واتا ئەگەر بڵێت: والله خودایە سوێند دەخۆم کە ئەوە وئەوەم بۆ جێبەجێ بکەیت؛ ئەوا بۆی جێبەجێ دەکات، یان بڵێت: والله سوێند دەخۆم کە ڕووداوێکی ئاوا وئاوا بەسەر فڵان کەس بهێنیت؛ ئەوا خوای گەورە بەسەریدا دەیهێنێت، وتەرازوو لێرەدا تەقوادارى وترسانە لە خودا، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} [الحجرات: 13] واتە: {بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا ئەو کەسەتانە زیاتر لە خودا دەترسێت، بێگومان خوا زانا وئاگادارە}، هەرکەسێک زیاتر تەقوادار بێت ئەوا ڕێزی لای خوای گەورە زیاترە وکاروبارەکانی بۆ ئاسانتر دەکات ونزاکانی وەڵام دەداتەوە وناخۆشییەکانی لەسەر لا دەدات وسوێندەکانی بۆ جێبەجێ دەکات، وئەم کەسە کە سوێند دەخوات؛ سوێند ناخوات بە ستەمکردن لە خەڵکی، وسوێند ناخوات بۆ ڕکابەری کردن بەرامبەر خوای گەورە؛ بەڵکو سوێند دەخوات چونکە متمانەی هەیە بە خوای گەورە کە بۆی جێبەجێ دەکات، ویان لەوەیە سوێند خواردنی بۆ جێبەجێکردنی کارێکی دروست (موباح) بێت ئەمیش وەکو متمانەیەک بە خوای گەورە کە نزاکان وەڵام دەداتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3715

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee